# حەمەسەعید حەسەن تۆکامیانی؟

نووسەرو ڕەخنەگر، حەمەسەعید حەسەن لە 27.12.2004 دا لەلایەن دەزگای چاپی ئاراس لە هەولێردا خەلاتکرا. خەلاتکردنی ئەو لەناو نووسەرو ڕۆشنبیراندا هەرای زۆری نایەوەو زۆری لەسەر نووسرا، لێرەدا نامەوێت زۆر درێژەی پێبدەم و بەلکو بەکورتی سێ پرسیار لەو بەڕێزە دەکەم و هیوادارم ئەگەر ماوەی هەبێت و وەلامم بداتەوە سوپاسی دەکەم.

پرسیاری یەکەم: دەمێکە، حەمەسەعید حەسەن گووتوویەتی: کاتێ دوو هێز لە کوردستان شەڕ دەکەن، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەشی یەکەمی ئەو پرسیارەی لەکۆل خەلک کردۆتەوە، کە بپرسن کێ و کێ شەڕیانە، بەلکو خەلکەکە یەکسەر دەپرسن یەکیەتی و کێ؟ ئایا کاک حەمەسەعید پێی وانییە کاتێ کێشەی نێوان دوو نووسەر یان دوو ڕۆشنبیر سەرهەلدەدات، خۆیشی بەشی یەکەمی ئەو پرسیارەی لەکۆل خەلکەکە کردۆتەوەو بێ دۆشدامان دەپرسن، حەمەسەعید حەسەن و کێ؟

حەمەسەعید حەسەن لە هۆنراوەیەکی خۆیدا بەناوی (هەلبەجە غەززەی خەمناکە)، بیری نەتەوەیی کوردی و عروبەکەی سەددام بە ( دوو ڕوخساری یەک دراو، دووتاکی یەک جووت پێلاو) ناوزەد دەکات.

گومانیش لەوەدا نییە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەهەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان-یش هەلگرانی بیری نەتەوەیی کوردین و بۆ بەندەش هەردوولایان مایەی شانازین!!

پرسیاری دووەم: ئایا حەمەسەعید حەسەن چی بەخۆی دەلێت و خۆی لە چ ئاستێکا دەبینێت، کاتێ کە خەلاتی حکومەتێکی کوردی هەلگری بیری نەتەوەیی وەردەگرێت کەخۆی بە تاکی جووت پێلاوێک ناوی دەبات؟ ئایا خۆی بەچی دێتە پێش چاو؟

حەمەسەعید حەسەن لە لاپەڕە 8 ی دیوانی (لەسایەی چەقۆدا) دەبێژێت (دەمێکە پێموایە: هەلگرانی پێشکەوتووترین بیروباوەڕی نەتەوەیی، ئەگەر جێ پێیان پتەوبێ، لە فاشیەکانی ئیتالیاو لە نازییەکانی ئەلمانیاو لە بەعسیەکانی عێراق چاکتر نابن).

پرسیاری سێیەم: هەروەکو پێشتریش باسمکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان- یش هەلگرانی بیروباوەڕی نەتەوەیین و شوکر خۆ ئەوە جێ پێکانیشیان پتەو بووە!! ئەوە نییە هەر یەکەو حکومەتێکیان لەسەر بستۆکەیەکی خاکی وولات دامەزراندووە!! ئایا وەرگرتنی خەلاتێک لەلایەن حکومەتێکی هەلگری بیروباوەڕی نەتەوەیی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەڕێزتان لەلایەن دەزگای ئاراسی سەر بە حکومەتی ئەو حیزبە نەتەوەییە خەلاتکران و لە هەمانکاتدا خۆت بە نازی و فاشی و بەعسی ناوت بردوون، بەکارێکی ئاسایی دەزانیت؟ ئایا تۆ چی بەخۆت دەلێیت و ئێستا خۆت بەکامیان دەزانیت؟ نازی، فاشی یان بەعسی؟؟ دەشتوانیت خۆت بەهەرسێکیان ناو بەریت، چونکە بەقسەی خۆت بێت تۆ خەلاتی حیزبێکی نازی و فاشی و بەعس- یت وەرگرتووە!!!

دەرسیم دیبەگەیی
دانیمارک 10.1.2005
Darsim88@hotmail.com